**بەشی دووەم: چارەسەرکردنی خەرجیەکان و داهاتەکان (پێشوەختەکان و شایستەکان) و ئامادەکردنی پەڕەی کار**

## التسوية المصروفات والايرادات (المقدمات والمستحقات) واعداد ورقة العمل


## Adjustments for Expenses and Revenues, Prepare a Worksheet

لە کۆتایی ماوەی دارایی و پێش ئامادەکردنی لیستە داراییەکانی کۆمپانیا کە دەرئەنجامی چالاکی و باری دارایی خۆی پیشان دەدات، ژمێریار پشکنین و پێداچوونەوە بەو کارە داراییانە دەکات کە لە ماوەی داراییدا ڕوویانداوە، کە کاریگەریان لەسەر ئەنجامی چالاکییەکان و باری دارایی هەیە، بە مەبەستی جیاکردنەوەی ئەوەی کە بریتیە لە کەڵکە ئابوورییەکان بۆ کۆمپانیاکە، و ئەوەی بریتیە لە پابەندبوونە داراییەکان بەرامبەر بە کەسانی دیکە کە دەبێت وەفایان پێوەبکرێت (بدرێنەوە). جا ژمێریار بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە، ڕووبەڕووی کێشەی دیاریکردنی داهاتە ڕاستەقینەکان دەبێتەوە کە لە ماوەی داراییدا بەدەست هاتووە، لەگەڵ ئەو خەرجییانەی کە بۆ بەدەستهاتنی ئەو داهاتانە خەرجکراون.

قەیدەکانی چارەسەرکردن (قيود التسوية) بەشێکی سەرەکی ئەو ڕێکارانەیە کە ژمێریار لە کۆتایی هەر ماوەیەکی ژمێریاریدا لە چوارچێوەی خولی ژمێریاریدا ئەنجامیدەدات بە مەبەستی جیاکردنەوەی نێوان خەرجییەکان و داهاتەکانی کۆمپانیا بۆ ماوەی ئێستا و خەرجییەکان و داهاتەکانی هەریەکە لە ماوەکانی ئێستا یان ماوەکانی پێشوو یان ماوەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی هەر ماوەیەکی دارایی بەشی خۆی لە داهات و خەرجییەکانی بۆ تەرخان بکرێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی چاڵاکیەکان و باری دارایی بە دروستی. چارەسەری ژمێریاریش (التسويات) بریتین لە قەیدی ژمێریاری (قيود تسوية) بۆ چارەسەرکردنی کەمبوونەوە یان زیادبوونی ئەوەی کە دەبێت بخرێتە سەر ماوەی دارایی لە ڕووی خەرجییەکان یان داهاتەکانەوە، سەبارەت بە (قيود التسوية) ئەوا هەموارکردنی شایستەکانی ساڵی دارایین لە داهاتەکان و ئەو خەرجییانەی کە بۆ بەدەستهێنانی ئەو داهاتانە خەرجکراون، کە بەسەر بەڵانسی ئەو حیسابانەدا جێبەجێ دەکرێت کە لە تەرازووی پێداچوونەوە لە پێش دەستکاریەکان (ميزان المراجعة قبل التسويات) هەن.

ژمێریار بەپێی بنچینەی شایستبوون کاردەکات (واتە بارکردنی ساڵی دارایی بەو خەرجییانەی تایبەتن بە ساڵەکە، جا خەرجیکە درابێت یان نەدرابێت، هەروەها بارکردنی ساڵەکە بەو داهاتانەی تایبەتن پێیەوە جا داهاتەکان وەرگیراوبن یان وەرنەگیراوبن)، ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕەنگە بەشێک لەو خەرجی و داهاتانەی کە لە ماوەی ساڵەکەدا ڕوودەدەن پەیوەندییان بە ساڵی ئێستاوە نەبێت، هەروەها داهات و خەرجییەکانی پەیوەست بە ساڵەکە هەبن بەڵام تا کۆتایی ساڵ وەرنەگیرابن یان نەدرابن، بۆیە دەبێت (قەیدەکانی چارەسەرکردن) لە کۆتایی ساڵدا پێش ئامادەکردنی لیستە داراییەکان ئامادەبکرێن، ئامانجی ئەم چارەسەرکردنە ژمێریاریانەش دیاریکردنی ئەو خەرجی و داهاتانەیە کە تەنها پەیوەندییان بە ساڵەکەوە هەیە بەپێی بنچینەی شایستبوون (اساس الاستحقاق) بە مەبەستی حیسابکردنی قازانج و زەرەر بەشێوەیەکی دروست، دوای ئەنجامدانی چارەسەرکردنەکان (التسويات)، خەرجییەکان و داهاتەکانی پەیوەست بە ساڵەکە لە پوختەی داهاتدا (ملخص الدخل) لە ڕێگەی قەیدەکانی داخستن (قيود القفل) دادەخرێن، جا دەبێت بزانرێت چۆن مامەڵە دەکرێت لەگەڵ (خەرجی و داهاتە شایستەکان و پێشەکی دراوەکان/ المصروفات والايرادات المستحقة والمقدمة) لە ماوەی دارایی یان ماوە داراییەکانی داهاتوودا.

لە ڕێگەی ئەم هێڵکاریەوە ئەمە ڕووندەکرێتەوە:




لە شێوەی سەرەوە ڕوونە كە ئەو خەرجی و داهاتانەی كە دەبێت چارەسەربكرێن ئەمانەی خوارەوەن:

## أولا: چارەسەركردنی خەرجیەكان/ تسوية المصاريف

**1. خەرجییە پێشوەختە دراوەكان/ المصاريف المدفوعة مقدماً (الموجودات)**: ئەمانە ئەو خەرجییانەن كە لە ماوەی ساڵی ئێستادا دراون، بەشێكیان پەیوەندییان بە ساڵانی داهاتووەوە هەیە. لەم حاڵەتەدا، دەبێت (قيد تسوية) تۆمار بكرێت بۆ ئەوەی خەرجییە پێشوەختە دراوەكان لە خەرجییەكانی ساڵی ئێستادا دەربكەین، و بەشی پێشوەختەی خەرجییەكان وەك (موجودات) لە لیستی باری دارایی (قائمة المركز المالي) لە (موجودات متداولة) یان (بەلانسە مەدینەكانی دیكە/ ارصدة مدينة اخرى) دادەنرێن. لێرەدا دوو ڕێگە هەیە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ خەرجییە پێشەكی دراوەكان:

أ. **تۆماركردنی خەرجی پێشەكی دراوەكان یەكەمجار (وەكو خەرجی) پاشان چارەسەركردنی لە كۆتایی ساڵ**. قەیدەكان بەم شێوەیە دەبن:

**1. لەكاتی ڕوودانی خەرجیەكە دانی پارەكەی:**

×× من حـ/ المصروف (كامل المبلغ)

×× إلى حـ/ الصندوق أو حـ/ البنك

**2. قەیدی چارەسەركردن لە 20XX/12/31**

×× من حـ/ المصروف المدفوع مقدما (بمقدار الزيادة)

×× إلى حـ/ المصروف

**3. قەیدی داخستن لە 20XX/12/31**

×× من حـ/ ملخص الدخل

×× إلى حـ/ المصروف (المبلغ الذي يخص السنة)

ب. **تۆماركردنی خەرجی پێشەكی دراوەكان یەكەمجار (وەكو موجود) پاشان چارەسەركردنی لە كۆتایی ساڵ**. لەم بارەدا قەیدەكان بەم شێوەیە دەبن:

**1. لەكاتی دانی پارەی خەرجیەكە:**

×× من حـ/ المصروف المدفوع مقدما (بكامل المبلغ)

×× إلى حـ/ الصندوق أو حـ/ البنك

**2. قەیدی چارەسەری خەرجیەکە لە 20XX/12/31**

×× من حـ/ المصروف (المبلغ الذي يخص السنة الحالية)

×× إلى حـ/ المصروف المدفوع مقدما

**3. قەیدی داخستن لە 20XX/12/31**

×× من حـ/ ملخص الدخل

×× إلى حـ/ المصروف (المبلغ الذي يخص السنة الحالية)

**تێبینی:** لە سەرەتای ساڵی نوێدا، قەیدێک تۆمار دەکرێت کە پێی دەوترێت قەیدی چارەسەری پێچەوانە (لە حاڵەتێکدا ئەگەر خەرجییە پێشوەختە دراوەکان تەنها وەک خەرجیەک هەژمار بکرێت)، قەیدەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

×× من حـ/ المصروف

×× إلى حـ/ المصروف المدفوع مقدماً

مثـال 1: في تاريخ 2008/9/1 قامت إحدى الشركات بدفع مصاريف إيجار لمدة سنة من تاريخه مبلغ 1200$ بشيك.

**المطلوب:** إثبات القيود اللازمة بالحالتين (كمصروف وكموجود).

مثـال 2: في تاريخ 2009/6/1 قامت إحدى الشركات بدفع مصاريف ( إعلان ) لمدة سنتين من تاريخه مبلغ 3600$ نقدا.

**المطلوب:** إثبات القيود اللازمة بالحالتين (كمصروف وكموجود).

**2. خەرجیە شایستەکان/ المصاريف المستحة (نەدراوە – پابەندبوونە):** بریتیە لەو برە پارەیەی تایبەتە بە ماوەی دارایی ئێستا (ساڵی دارایی ئێستا) بەڵام هێشتا نەدراون (دەبێت بدرێت)، لەم حاڵەتەدا دەبێت زیاد بکرێن بۆ حیساباتی ئەو ماوەیە و پێیان دەوترێت (خەرجییە شایستەکان/ مصاريف مستحقة) و لە لیستی باری دارایی (قائمة المركز المالي) لە کۆتایی ساڵدا وەک یەکێک لە برگەکانی پابەندبوونەکانی کورتخاین (مطلوبات قصيرة الاجل) یان بەڵانسە دائینەکانی دیکە (ارصدة دائنة اخرى) دادەنرێت. ئەم خەرجیانەش بەم قەیدە ژمێریاریانەوە چارەسەر دەکرێن:

**أ. قەیدی تۆمارکردن لە کۆتایی ساڵ کە خەرجیەکەی تێدا روویداوە:**

××من حـ/ المصروف

××إلى حـ/ مصروفات مستحقة

**ب. قەیدی دانی پارەی خەرجیەکە:**

××من حـ/ مصروفات مستحقة

××إلى حـ/ الصندوق أو حـ/ البنك

**ج. قەیدی داخستن لە 20XX /12/31**

××من حـ/ ملخص الدخل

×× إلى حـ/ المصروف (المبلغ الذي يخص السنة)

**مثال 1:** في 2015/12/1 وردت قائمة الكهرباء بمبلغ 200$ لكنها لم تدفع، علما ان رصيد حساب اجور الكهرباء كان 2100$ .

**المطلوب:** اجراء قيود اليومية اللازمة.

**مثال 2:** في 2008/12/31 كان رصيد حساب (الرواتب) في إحدى الشركات مبلغ 6000$، فإذا علمت أن الرواتب الشهرية تبلغ 600$.

**المطلوب:** إثبات القيود اللازمة في نهاية 2008 ودفع الرواتب في سنة 2009 نقدا.

## ثانياً: چارەسەركردنی داهاتەكان/ تسوية الإيرادات

**1. داهاتانەی پێشوەختە وەرگیراون/ ايرادات مستلمة مقدماً:** مەبەست لێی ئەو داهاتانەن كە بڕە پارەكانیان وەرگیراون و پەیوەندییان بە زیاتر لە ساڵێكەوە هەیە، لەم حاڵەتەدا دەبێت ماوەی ژمێریاری بەو داهاتانە داببەشكرێت كە پەیوەندییان پێوەی هەیە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە كە پێی دەوترێت (داهاتی پێشوەختەی وەرگیراو/ ایرادات مستلمة مقدماً) لە لیستی باری دارایی لە كۆتایی ساڵدا وەك یەكێك لە بڕگەكانی پابەندبوونە كورتخایەنەكان یان بەڵانسە دائینەكانی دیكە دەردەكەوێت. ئەو داهاتەی پێشوەختە وەرگیراوە بە یەكێك لەو دوو شێوازە مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت:

**أ. تۆماركردنی داهاتی پێشوەختەی وەرگیراو(الإیرادات المستلمة مقدما) یەكەمجار(وەكو داهات) پاشان چارەسەركردنی لە كۆتایی ساڵ:** لەم حاڵەتدا قەیدەكان بەم شێوەیە دەبن:

**1. لەكاتی وەرگرتنی داهاتەكە:**

×× من حـ/ الصندوق أو حـ/ البنك

×× إلى حـ/ الإيراد (كامل المبلغ)

**2. قەیدی چارەسەركردن لە 20XX/12/31**

×× من حـ/ الإيراد

×× إلى حـ/ الإيراد المستلم مقدما (الجزء الذي يخص السنوات القادمة)

**3. قەیدی داخستن لە 20XX/12/31**

×× من حـ/ الإيراد (المبلغ الذي يخص السنة)

×× إلى حـ/ ملخص الدخل

**ب. تۆماركردنی داهاتەكانی پێشوەختەی وەرگیراو (وەكو پابەندبوون) دواتر چارەسەركردنی لە كۆتایی ساڵ:** لەم حاڵەتەیاندا قەیدەكان بەم شێوەیە دەبن:

**1. كاتی وەرگرتنی داهاتەكە:**

×× من حـ/ الصندوق أو حـ/ البنك

×× إلى حـ/ الإيراد المستلم مقدما (كامل المبلغ)

**2. قەیدی چارەسەركردن لە 20XX/12/31**

×× من حـ/ الإيراد المستلم مقدما

×× إلى حـ/ الإيراد (المبلغ الذي يخص السنة)

**3. قەیدی داخستن لە 20XX/12/31**

×× من حـ/ الإيراد (المبلغ الذي يخص السنة)

×× إلى حـ/ ملخص الدخل

**تێبینی:** لە سەرەتای ساڵی نوێدا، قەیدێک تۆمار دەکرێت کە پێی دەوترێت قەیدی چارەسەری پێچەوانە (ئەگەر داهاتی پێشوەختەی وەرگیراو تەنها وەک داهات لەبەرچاو بگیرێت)، قەیدەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

×× من حـ/ الإيراد المستلم مقدما

×× إلى حـ/ الايرادات

**مثـــال1:** في تاريخ 1 / 4 / 2008 استلمت إحدى الشركات إيرادات (عمولة مكتسبة) من احد عملائها لمدة سنة من تاريخه مبلغ 2400$ بشيك.

لمطلوب: إثبات القيود اللازمة بالحالتين (كإيراد وكمطلوب).

**مثـــال2:** استلمت إحدى الشركات في تاريخ 1 / 7 / 2008 مبلغ 4800$ نقدا (إيراد عقار) لمدة سنتين من تاريخه.

المطلوب: إثبات القيود اللازمة بالحالتين.

**2. داهاتی شایستە/ الإيرادات المستحقة:** ئەو بڕە پارانەن کە دەبوو لە ماوەی ساڵەکەدا وەربگیرێن یان کۆبکرێنەوە، واتە بۆ ساڵی دارایی ئێستا، بەڵام ئێستا وەرنەگیراون کە پێیان دەوترێت (داهاتی شایستە/ ایرادات مستحقة) و لە لیستی باری دارایی لە کۆتایی ساڵدا وەک یەکێک لە بڕگەکانی (موجودات متداولة) یان باڵانسە مەدینەکانی دیکە (ارصدة مدينە اخرى) دادەنرێن. ئەو جۆرە داهاتانەش بەم قەیدە ژمێریاریانە چارەسەردەکرێن:

**أ. قەیدی جارەسەرکردنی داهاتی شایستە (وەرنەگیراوە):**

×× من حـ/ الإيرادات المستحقة

×× إلى حـ/ الإيرادات

**ب. کاتی وەرگرتنی داهاتەکە**

×× من حـ/ الصندوق أو حـ/ البنك

×× إلى حـ/ الإيرادات المستحقة (المبلغ الذي تم استلامه)

**ج. قەیدی داخستنی لە 20XX/12/31**

×× من حـ/ الإيراد (المبلغ الذي يخص السنة)

×× إلى حـ/ ملخص الدخل

**مثـــال1:** في 31 / 12 / 2008 ظهر رصيد حساب (الفوائد المكتسبة) في سجلات إحدى الشركات مبلغ 600$ بالعلم أن الفوائد السنوية تبلغ 1000$.

**المطلوب:** إثبات القيود اللازمة.

**تێبينى گرنگ:** كەواتە، ئەو خەرجييانەى پێشوەختە دراون و ئەو داهاتانەى كە شايستەن و وەرنەگيراون، لە قەيدەكانى چارەسەركردن مەدين دەبن و لە كۆتايى ساڵدا لە بڕگەى (موجودات متداولة/ ارصدة مدينة اخرى) لە ليستى بارى داراييدا پيشان دەدرێن، هەرچى خەرجيە شايستەكان و داهاتەكانى پێشوەختە وەرگيراون، ئەوا لە قەيدى چارەسەر دائن دەبن و لە ليستى بارى دارايى لە (مطلوبات قصيرة الاجل/ ارصدة دائنة اخرى) پيشان دەدرێن.

**چەند نموونەيەكى گشتگير**

مثـال (1) في 31 / 12 / 2008 كانت أرصدة بعض الحسابات في سجلات إحدى الشركات كالآتي:

مصاريف التامين 2700 $ – مصاريف الإيجار 5500 $ – العمولة المكتسبة 1200 $ – إيراد الأوراق المالية 800 $ – القرطاسية 1600 $.

وعند المطابقة وتدقيق الحسابات تبين ما يلي:

1. التامين المدفوع هو لمدة ( 9 ) اشهر ولم يتم دفع التامين للأشهر الباقية من السنة.
2. إيجار المحل الشهري 400 $ من بداية السنة.
3. من ضمن رصيد العمولة المكتسبة هناك مبلغ 200 $ تخص السنة القادمة ( 2009 ).
4. إيراد الأوراق المالية المستلم هو لمدة ( 8 ) اشهر علما بان الأوراق المالية كانت بحوزة الشركة طيلة أيام السنة.
5. القرطاسية المتبقية 1000 $.

**المطلوب:** 1– إثبات القيود اللازمة ( قيود التسوية والقفل ) في 31 / 12 / 2008.

2– إثبات قيود التسوية العكسية ( للمقدمات فقط ).

مثـال (2): فيما يلي أرصدة بعض الحسابات التي تم استخراجها من سجلات إحدى الشركات في 31 / 12 /2010:

الأجور 5800 $ – الرواتب 8600 $ – إيراد العقار 9600 $ – إيراد أوراق مالية 3600 $

وعند الجرد تبين ما يلي:

1. احد العمال لم يستلم أجره لشهر كانون الأول لسنة 2010 لكونه مجازا والبالغ 200$.
2. احد الموظفين استلم راتبه لشهر كانون الثاني لسنة 2011 بمناسبة زواجه وقدره 300 $.
3. إيراد العقار الشهري 700 $ علما بان العقار كان مؤجرا من بداية السنة.
4. إيراد أوراق مالية نصف السنوي 2000$ علما بان الأوراق المالية كانت بحوزة الشركة من بداية السنة.

**المطلوب:**

1. إثبات قيود التسوية والقفل في 31 / 12 / 2010
2. إعداد حـ/ أ . خ الجزئي والميزانية الجزئية في 31 / 12 / 2010.
3. إثبات قيود التسوية العكسية في 1 / 1 / 2011 ( للمقدمات فقط ).

مثـال (3): في 1 / 1 / 2008 ظهرت الأرصدة التالية في ميزانية إحدى الشركات:

مصاريف بيع مدفوعة مقدما 500$ – التأمين المستحق 1000$ – إيراد أوراق مالية مستلمة مقدما 800$ – عمولة مكتسبة مستحقة 600$ – أجور مستحقة 400$.

وخلال السنة المالية 2008 تمت العمليات التالية:

1. دفع 5000$ نقدا عن التامين من ضمنها التامين المستحق.
2. دفع 7400$ نقدا عن الأجور وضمنها الأجور المستحقة.
3. دفع 2500$ بشيك عن مصاريف البيع.
4. تم استلام 1200$ نقدا عن إيراد أوراق مالية.
5. تم استلام 3600$ نقدا عن عمولة مكتسبة وضمنها العمولة المكتسبة المستحقة.

**المطلوب:**

1. إثبات قيود التسوية العكسية للمقدمات في 1 / 1 / 2008.
2. إثبات قيود العمليات التي تمت خلال السنة.
3. إثبات قيود التسوية والقفل في 31 / 12 / 2008 بعد الانتباه إلى ما يلي:
   أ. مصاريف البيع المستحقة 1000$.
   ب. التأمين المدفوع عن السنة القادمة 400$.
   ت. إيراد أوراق مالية لهذه السنة 3200$.
   ث. العمولة المكتسبة لهذه السنة 2800 $.
4. إعداد حـ/ أ . خ الجزئي والميزانية الجزئية في 31 / 12 / 2008.
5. إثبات قيود التسوية العكسية ( للمقدمات فقط ) في 1 / 1 / 2009.

مثـال (4): في نهاية السنة المالية المنتهية في 31 / 12 / 2008 ظهرت الأرصدة التالية في دفتر أستاذ أحدي الشركات:

إيجار المحل المدفوع مقدما 12000 $ – إيراد العقار المستلم مقدما 18000 $

وعند الجرد ظهر ما يلي:

1. عقد الإيجار لمدة سنتين ونصف ابتداء من 1 / 7 / 2008.
2. عقد إيراد العقار لمدة ثلاث سنوات ابتداء من 1 / 3 / 2008.

**المطلوب:** إثبات القيود اللازمة للسنوات 31 / 12 / 2008 – 31 / 12 / 2009 – 31 / 12 / 2010.

**ملاحظات على الحل:**

1. تعتبر هذه الحسابات (كموجودات و مطلوبات) لأنها جاءت باسم (إيجار محل مدفوع مقدما) و (إيراد عقار مستلم مقدما).
2. في هذه الحالة لا نحتاج إلى إثبات قيود التسوية العكسية.

**مثال5:** ظهرت الارصدة التالية من بين الارصدة الظاهرة في ميزان المراجعة لشركة سفين في 2015/12/31:

| اسم الحساب | ارصدة مدينة | ارصدة دائنة |
|---|---|---|
| مصروفات تأمين مقدم | 5000 | |
| مصروفات الرواتب | 2000 | |
| ايرادات خدمات مستلمة مقدماً | | 80000 |
| ايرادات خدمات استشارية | | 60000 |
| القرطاسية | 6000 | |

فاذا علمت ان:

1. مصروفات تأمين مدفوع مقدماً تم دفعه في 2015/1/1 ولمدة 20 شهراً.
2. الرواتب الشهرية للعاملين 800$.
3. ايرادات خدمات الذي يخص السنة الحالية هو 70000$.
4. بلغت قيمة الخدمات الاستشارية التي قدمت للعملاء ولم تسجل ولم تحصل قيمتها حتى نهاية السنة 1000$.
5. بلغت مواد القرطاسية المتبقية في نهاية السنة 500$.

المطلوب/ 1. اجراء قيود التسوية في 2015/12/31.

2. اعداد ميزان المراجعة بعد التسويات القيدية.

3. بيان اثر العمليات السابقة على قائمة الدخل وقائمة المركز المالي في 2015/12/31.

## پەڕەی كار- ورقة العمل- Worksheet

**١. پەڕەی كار چیە**

ژمێریار پێویستی بە وێناكردنێكی گشگیر هەیە بۆ كارەكانی ماوەی ڕابردوو، ئەمەش لە ڕێگای ئەوەی پێی دەڵێن ئامادەكردنی پەڕەی كارەوە worksheet دەبێتن.

**پەڕەی كار**: بریتیە لە لیستێك بە ژمارەیەك ستوون كە بەكاردێت بۆ پۆلینكردن و تەسویەی (چارەسەركردنی) حسابەكان لە كۆتایی ماوەی دارایی، وەكو ئامادەكاریەك بۆ ئامادەكردنی لیستە داراییەكان (قائمة الدخل، قائمة المركز المالي).

**٢. ئامانجی پەڕەی كار**: ئامانجی سەرەكی لە ئامادەكردنی پەڕەی كار بریتیە لە كارئاسانیكردن بۆ ژمێریار لە ئامادەكردنی لیستە داراییەكان، بەتایبەتی كاتێك حسابەكان لە تۆماری (ئوستاذ) ژمارەیان زۆر و جۆراوجۆرن.

**٣. پێكهاتەی پەڕەی كار**

پەڕەی كار بەپێی پێداویستیەكانی كۆمپانیا هەمەجۆرە و لەم ستونانەی خوارەوە پێكدێت:

- ستوونێك بۆ (ناوی حسابەكان)، دەكرێت سووتنێكی تر بۆ ژمارەی حسابەكە زیادبكرێت لە پێش ناوی حسابەكە.
- ستوونێك بۆ (تەرازوی پێداچوونەوە بە بەڵانس پێش تسویات) بە هەردوو لایەنی مەدین و دائن.
- ستوونێك بۆ (قەیدەكانی تسویات) بە هەردوو لایەنی مەدین و دائن.
- ستوونێك بۆ (تەرازوی پێداچوونەوە بە بەڵانس دوای تسویات) بە هەردوو لایەنی مەدین و دائن.
- ستوونێك بۆ (لیستی داهاتەكان/ قائمة الدخل) بە هەردوو لایەنی مەدین بۆ (خەرجەكان/ المصروفات) و دائن بۆ (داهاتەكان/ الایرادات).
- ستوونێك بۆ (لیستی ناوەندی دارایی/ قائمة المركز المالي) بە هەردوو لایەنی مەدین بۆ (هەبووەكان/ الموجودات) و دائن بۆ (پابەندبوونەكان و مافی خاوەندارێتی/ المطلوبات وحقوق الملكية).

**٤. هەنگاوەكانی ئامادەكردنی پەڕەی كار**

ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێدەكرێت لە ئامادەكردنی پەڕەی كار:

1. داخڵكردنی تەواوی ناوی حسابەكانی تۆماری ئوستاذ لە ستوونی ناوی حسابەكان.
2. داخڵكردنی بەڵانسی حسابەكان لە ستوونی تەرازوی پێداچوونەوە پێش تسویات، بەڵانسە مەدینەكان لە ستوونی مەدین و بەڵانسە دائینەكان لە ستوونی دائن، پێویستیشە كۆی بەڵانسە مەدینەكان لەگەڵ كۆی بەڵانسە دائینەكان یەكسانبن.
3. ئەنجامدانی قەیدەكانی تسویات لە تۆماری ڕۆژانەو، پاشان پیشاندانیان لە ستوونی تایبەت بە قەیدەكانی تسویات لە پەڕەی كار، جا ئەگەر لایەكی قەیدی تەسویات لە حسابەكانی تۆماری ئوستاذ ناوی نەبێت، ئەوا ناوی حسابە نوێیەكە لە ستوونی ناوی حسابەكان لە دوای كۆی بەڵانسەكانی تەرازوی پێداچوونەوە پێش تەسویات تۆماردەكرێت، پاشان هەردوو لایەنی مەدین و دائین كۆدەكرێنەوە كە دەبێت وەكویەكبن.
4. ئامادەكردنی تەرازوی پێداچوونەوە دوای تسویات، دواتر بەڵانسەكان لە تەرازوی پێداچوونەوە پێش تسویات دەگوازرێنەوە بۆ ستوونی تەرازوی پێداچوونەوە دوای تسویات لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر بەڵانسەكاندا دێن. پێویستیشە كۆی بەڵانسە مەدینەكان و كۆی بەڵانسە دائینەكان لە تەرازوی پێداچوونەوە داوی تسویات یەكسان بن.

5. دابەشكردنی بەڵانسەكانی تەرازووی پێداچوونەوە دوای تسويات بەسەر ستوونەكانی لیستی داهات بۆ دیاریكردنی ئەنجامی چالاكیەكان لە قازانج یان زەرەر، هەروەها بەسەر لیستی ناوەندی دارایی بۆ پیشاندانی بارودۆخی دارایی كۆمپانیاكە.

ئەمەش نموونەیەكی پەڕەی كارە لە ژمێریاریدا:

اسم الشركة
ورقة العمل
عن السنة المالية المنتهية في 2000/12/31

| اسم الحساب | ميزان المراجعة قبل التسويات | | التسويات القيدية | | ميزان المراجعة بعد التسويات | | قائمة الدخل | | قائمة المركز المالي | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مدين | دائن | مدين | دائن | مدين | دائن | مدين | دائن | مدين | دائن |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |

نموونەیەك بۆ ئامادەكردنی پەڕەی كار:

ظهرت ميزان المراجعة قبل التسويات لشركة رامان التجارية الأرصدة التالية في نهاية سنة 2012:

| اسم الحساب | ميزان المراجعة قبل التسويات | |
|---|---|---|
| | مدين | دائن |
| صندوق | 17000 | |
| بنك | 20000 | |
| مدينون | 27000 | |
| اوراق قبض | 10000 | |
| مخزون بضاعة اول المدة | 67000 | |
| مصروفات تأمين مدفوع مقدماً | 1200 | |
| اراضي | 55000 | |
| مباني | 122500 | |
| الات ومعدات | 36000 | |
| دائنون | | 21000 |
| اوراق دفع | | 13000 |
| رأس المال | | 195000 |
| مسحوبات | 2000 | |
| مبيعات | | 388000 |
| مردودات ومسموحات مبيعات | 5000 | |
| خصم مسموح به | 1000 | |
| مشتريات | 261000 | |
| مردودات ومسموحات مشتريات | | 2500 |
| خصم مكتسب | | 2700 |
| مصاريف نقل للداخل | 5000 | |
| مصاريف نقل للخارج | 2500 | |

| | | |
|---|---|---|
| مصروفات روتب | 44000 | |
| قرطاسية | 1000 | |
| ايرادات ايجار | | 55000 |
| المجموع | 677200 | 677200 |

ومن خلال فحص الحسابات أتضح للمحاسب الآتي:

1. بلغت الرواتب المستحقة 6000$
2. التأمين غير المستنفذ 500$
3. القرطاسية الباقية دون استعمال في نهاية الفترة 250$.
4. ايراد الايجار السنوي هي 66000$.
5. هناك عمولة لوكلاء البيع غير مدفوعة بمبلغ 500$.
6. بلغت ضريبة الدخل 10000$ لم تدفع بعد.
7. مخزون بضاعة آخر المدة 50000$

المطلوب: اعداد ورقة العمل واظهار قيود التسوية

الحل: اثناء المحاضرة

مثال: استخرجت ارصدة الحسابات التالية من دفتر الاستاذ العام لشركة نور التجارية في 2011/12/31 (المبالغ بالدولار).

| | | | |
|---|---|---|---|
| مشتريات | 17200 | مصروف نقل للداخل | 440 |
| مردودات ومسموحات مبيعات | 1000 | مدينون | 16500 |
| اوراق مالية | 6000 | أثاث | 12000 |
| صندوق | 760 | مصروف رواتب | 2200 |
| بنك | 4200 | مبيعات | 19800 |
| بضاعة اول المدة | 2300 | مردودات ومسموحات مشتريات | 1900 |
| مصروفات ايجار | 1200 | ايراد اوراق مالية | 600 |
| مسحوبات | 1400 | خصم مكتسب | 800 |
| مصروف تامين ضد الحريق | 1600 | دائنون | 11000 |
| خصم مسموح به | 300 | رأس المال | 33000 |

وعند الجرد تبين مايلي:

1. ايراد اوراق مالية لعام 2011 هو 360 $.
2. الرواتب السنوية 2400$.
3. مصروف تأمين ضد الحريق لعام 2011 هو 800$.
4. قدرت بضاعة آخر المدة بـ 8000$ بسعر السوق وبسعر تكلفة 7000$.

المطلوب/ اعداد ورق العمل.